گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/j8xzf986
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 02/03/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 06/05/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/06/2025

# شیکردنەوەی تحفەالاحبابی عوبەیدوڵڵای نەهری لەڕوی زمانەوانییەوە، (لادان لە ئاستی ڕستەسازیدا)

**تەلعەت تاهیر حەمەدعەلی[١] - ساجدە عەبدوڵڵا فەرهادی[٢] - حومێیرا زمۆرودی[٣]**
zmorrodi@ut.ac.ir - sajidah.farhad@su.edu.krd - talat.hamadali@su.edu.krd
[١+٢]بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[٣] بەشی فارسی، کۆلێژی زمان، زانکۆی تاران، تاران، ئێران.

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (شیکردنەوەی تحفەالاحبابی عوبەیدوڵڵای نەهری لەڕوی زمانەوانییە، لادان لە ئاستی ڕستەسازی) کە تەرخانکراوە بۆ باسکردن و لێکۆڵینەوە لە شێوازی شیعری و شیکاری ئاستی ڕستەسازی مەسنەوی تحفەالاحبابی عوبەیدوڵڵای نەهری، شاعیرێک کە لەناو لاپەڕەکانی ئەدەبیاتی کوردیدا بۆ یەکەمجارە ناویدەهێنرێت و کەمتر باس لە بەرهەمی شیعری و مەسنەوییەکەی کراوە و زۆرتر بە سەرکردەیەکی نەتەوەیی و شۆڕشگێر ناسێندراوە. ئەم دەستنوسەی دیوانی نەهری کە بەردەستە وەک دیاری بۆ هاوەڵان و ڕێبوارانی ڕێگەی تەسەوف و تەریقەتی نەقشبەندی نوسراوە. لەڕوی شێوازی سەردەم و قۆناغ شاعیر بە چاولێکەری لە پێشینان شیعری هۆنیوەتەوە بەشێوازی گەڕانەوەی ئەدەبی دەناسرێت، کە تیایدا بە چاولێکەری لە پێشینان بە شێوازی عێراقی یا خوراسانی وشە و هەست و سۆزی دەربڕیوە و یاسا ڕێزمانییەکانی پەیرەوکردوە.
ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دو تەوەری سەرەکی پێکدێت، کە تیایدا باس لە ناساندنی شێوازی شیعری و پەیوەندی بە شیعرییەت و لادان لە ئاستی ڕستەسازی کراوە. لە تەوەری دوەم کە بەشی سەرەکی و پراکتیکی ئەم توێژنیەوەیە جۆرەکانی لادانی زمانی لە ئاستی ڕستەسازیدا لە مەسنەوی تحفەالاحباب خراوەتەڕو و باس لە پاش و پێشخستنی کەرەستەکان و جێگۆڕکێکان، بەلوتکەکردنی جۆەرکانی بەرکار و کردەی پاشخستن لە بکەر و بەرکار، و جۆرەکانی کەرتەکانی فرێز و دوبارەکردنەوە کراوە.
**کلیلە وشەکان:** عوبەیدوڵڵای نەهری، تحفەالاحباب، ڕستەسازی، لادان.

# Linguistic Analysis of Sheikh Obedullah Nahri's "Tuhfat Al-Ahbab": Syntactical Deviation

Talat Tahir hamad amin[1] - Sajidah Abdullah Farhady[2] – Humera zmorrodi[3]
[1+2] Department of Kurdish, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
[3]Department of Persian, College of Language, University of Tehran, Tehran, Iran.

## Abstract

This paper, *Linguistic Analysis of Sheikh Obedullah Nahri's "Tuhfat Al-Ahbab": Syntactical Deviation*, closely conducts a thorough syntactic analysis of Sheikh Obedullah Nahri's "Tuhfat Al-Ahbab," aiming to reveal the poetic and literary style employed by the poet. Despite his primary recognition as a nationalist revolutionary leader, Nahri's literary contributions, particularly "Tuhfat Al-Ahbab" is a handwritten collection dedicated to his followers in the Naqshbandi school of Sufism and mystical thoughts, warrant scholarly attention. Nahri's poetic style exhibits an impression of imitation of preceding poets or contemporary to his era, characterized by a return to classical expressions originated from Iraqi or Khorasani writing styles within a conventional grammatical framework for conveying sentiments. This analysis also focuses on Nahri's stylistic choices and syntactic deviations, exploring instances such as word order exchanges, the utilization of linguistic tools, and the repetition of phrases as a literary device, showcasing his mastery of syntax to craft a unique poetic voice. Additionally, the paper clarifies the various types of syntactic deviations in Nahri's work, referring to his innovative approach in syntax and underscoring the thematic richness and emotional depth inherent in his poetic composition.

**Keywords:** Sheikh Obedullah Nahri, "Tuhfat Al-Ahbab" Syntactical Deviations, Stylistics.

## پێشەکی

لە کتێبە مێژوییەکان و بەپێی گێڕانەوەی مێژوناسانی هاوچەرخی کورد ناوی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری وەک شۆڕشگێڕ و سەرکردەیەکی ئازا و بەجەرگ ناسراوە. کەمتر باس لە شیعر و شاعیری بەرهەمی ئەدەبی و زمان و شێوازی شیعری کراوە. بەپێی سەرچاوەکان شێخ، جگەلەوەی کە ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی بوە لە هەمانکاتدا سوارچاکێکی لێزان، زمانزان و شارەزای دونیای ئەدەب و شیعر و شاعیری بوە. لە مەیدانی شاعیریدا شێخ جگە لە زمانی کوردی زمانەکانی فارسی و عەرەبی زۆر بەباشی زانیوە و هەر لەم سۆنگەیەش مەسنەوی تحفەالاحبابی بە زمانی فارسی نوسیوەتەوە. ئەم دیوانە شیعرییە تاکە بەرهەمی ئەدەبی سەرکردەی شۆڕشگێڕی کوردە، کە بەشی هەرەزۆری باسی پێشینانی تەریقەتی نەقشبەندی، ژیان و گوزەران و وەسفی حاڵ و کەراماتییانە. لە ڕێگەی پڕ لە هەوراز و نشێوی ناسینی خودا و گەیشتن بە ڕاستییەکان.

ناوی تەواوی عوبەیدوڵلا کوڕی شێخ تەهایە و ساڵانی 1830 – 1831 لە نەهری لەدایکبوە. نەهری، گوندێکی ناوچەی شەمزینانە لە ویلایەتی هەکاری کە لەڕوی جوگرافییەوە دەکەوێتە ناوەڕاستی کوردستانەوە. بنەماڵەی شێخانی نەهری خاوەنی نفوزی دینی و دونیایی بون. لەڕوی دینییەوە مەلای چاك و ناوداریان تێدا هەڵکەوتوە، لەڕوی دونیاییشەوە خاوەنی زەوی و زاری کشتوکاڵ و خاوەنی دوسەد ئاوایی بون کە ئەم ئاواییانە لە هەر دو بەری سنوری نێوان عوسمانی و ئێراندا بون. دەسەڵاتی ئیرشادی تەریقەتیش، پایەی دینی، کۆمەڵایەتی سیاسی لەجاران بەهێزتر کردبون. (امین، 1992: 154)

ئەم بەرهەمە کە وەک دیاری بۆ هاوەڵان و ڕێبوارانی ڕێگەی تەریقەت نوسراوە لە قاڵبی شێوەی مەسنەوی هۆنراوەتەوە کە قاڵبی سەرەکی بوە بۆ دەربڕینی بیروباوەڕی عیرفانی و تەسەوف. کتێبی مەسنەوی (تحفەالاحباب) دواجار لەلایەن سەید ئیسلام دوعاگو لە ساڵی 1378هەتاوی کۆکراوەتەوە و بە چاپ گەیشتوە، کە تیایدا هەرسێ دەستنوسی بەراوردکردوە. (دعاگو،1378: 1)

سەبارەت بە ژیاننامەی شێخ عوبەیدولّا و باب و باپیرانی و هەروەها ناوچەی جوگرافی بەسەربردنی ژیانی ئەم دیوانە شیعرییە بۆخۆی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی ڕەسەنە،کە تیایدا شاعیر لە چەند دێڕە شیعرێك باس لە ساڵی لەدایکبونی خۆی، باوکی و مامی و ساداتی نەهری و شەمزینانیان دەکات.

گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کە تاوەکو ئێستا سەبارەت بە شێوازی شیعری و زمانی شیعری تحفەالاحباب هیچ توێژنیەوەیەک نەنوسراوە و ڕەنگە ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ دەستپێکردنی توێژینەوەی شێوازناسی شیعری شێخی نەهری. نەهری شاعیر لە سەردەمی عوسمانییەکانی تورکیا و قاجارییەکانی ئێران ژیاوە و بە چاولێکەری لە پێشینان شیعری هۆنیوەتەوە کە لەڕوانگەی شێوازی چاخ یا قۆناغ بەشێوازی گەڕانەوەی ئەدەبی دەناسرێت، کە تیایدا بە چاولێکەری لە پێشینان بە شێوازی عێراقی یا خوراسانی وشە و هەست و سۆزی دەربڕیوە. جگە لەوە شاعیر هەندێجار ویستویەتی باڵادەستی خۆی لە ناو دیوانەکە نیشان بدات و بەشێوازێکی تایبەت لە هەر سێ ئاستی زمان دەنگسازی، وشەسازی و ڕستەسازی ئەسپی خۆی تاو داوە.

ئەوەی لەم دیوانەدا بەرجەستەیە شاعیر مەسنەوییەکەی لەسەر کێشی ڕەمەڵی موسەدەسی مەحزوف (فاعلاتن، فاعلاتن، فاعلن) هۆنیوەتەوە. لەسەر هەر سێ ئاست هەندێ لادانی زمانی و شێوازی پەیڕەوکردوە، کە کاریگەری لەسەر ئاواز و مۆسیقای ناوەوە ودەرەوە هەبوە و ئەم یاسابەزاندن و لادان لە هەمو ئاستەکانی زماندا لەم دیوانە دەبیندرێت. ئەوەی زۆر بەرچاو و زەقە لادانە لە ئاستی ڕستەسازی وەک لقێکی گرنگی زمان. شێخ، لادان لە یاساکانی زمانی فارسی کە دیوانەکەی پێنوسیوە، هەڵبژاردوە و لێرەدا هەوڵ دەدرێت ئەو بەزاندن و لادانانە لە ئاستی ڕستەسازیدا دەستنیشان و پۆلین

بکرێن. ئەم توێژینەوەیە بە شێوازی وەسفی-شیکاری ئەنجامدراوە و هەوڵدراوە جگە لە ناساندنی ئەم بەرهەمە شیعرییە، نمونەکانی لادان لە ئاستی زمانەوانی بە تایبەتی لادان لە ئاستی ڕستەسازی شی بکرێتەوە.

## شیکردنەوەی (تحفەالاحباب) لە ڕوی زمانەوانییەوە

### تەوەری یەکەم:

زمان وەك سیستەمێکە لە هێما و گرێبەستە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پەیوەندی نێوان قسەکەرانی کۆمەڵگەیەك بەکاردێت. ئەو هێمایانە بە هەڵبژاردن و ڕەزامەندی هاتۆتە ئاراوە دەبێ زمان وەك یەك پاکێج و گشتگیر وێنابکرێت. لە ڕێزمانە تەقلیدی و کۆنەکان وێنەیەکی گشتی لە سیستەمی زمان نەکراوە و زۆرتر پچڕپچڕ و بەش بەشە بۆیە ناکرێت زمان و قسەکردن وەك یەك پێناسە بکرێت لەبەرئەوەی زمان تەنیا بەشێکی دیاریکراوی ئەو هێزی قسەکردنە و لە هەمانکاتیشدا کۆمەڵێك گرێبەستی کۆمەڵایەتییە لەلایەن کۆمەڵگاوە قبوڵکراوە. جیا لە زمانی ئاسایی شێوازێك لە زمان هەیە کە تایبەتە بە شاعیران و لەسەر شێوە و شێوازی خۆیان شیعرەکانییان دەهۆننەوە لێرەدایە کە باسی چەمکی شێوازی شیعری دێتە ئاراوە کە بریتییە لە چۆنیەتی دەربڕینی بیر و مەبەستەکان بەهۆی زمانەوە، زمان کە بناغەی کاری شیعرە بەکارهینانێکی تایبەتی هەیە، ئەوەش بەندە بە شارەزایی شاعیر و ڕادەی دەسەڵاتی بەسەر زمان و بەکارهێنانی، چونکە زمان لە شیعردا بەشێوەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو لە ڕوگە ئاساییەکەی زمان لادەدات.(خانزاد، 2012: 92)

بەپێی بۆچونی چومسکی هەمو بەکارهێنانێکی زمانی مرۆڤ ڕەسەنایەتی تێدایە، چونکە هەر زمانێك خاوەنی سەرچاوەیەکی لەبننەهاتوی ڕستەیە، کە هێشتا بەکارنەهاتون، ڕەسەنایەتی هەر لەوەوە نایەت کە مرۆڤ یاساکانی زمانەکەی جێبەجێبکات، بەڵکو هەندێ جار لە ڕێگەی بەزاندن و شکاندنی یاساکانەوە دروستدەبێت، ئەمەشیان بەتایبەتی لە شیعردا دەبینرێ، کەواتە ئەگەر مرۆڤی ئاسایی تەنیا توانای ڕەسەنایەتی تێدابێ ئەوا شاعیر دو توانای دراوەتێ. توانای ڕەسەنایەتی کە ئەو توانایەیە لە هەمو قسەکەرێکدا هەیە و لەپیادەکردنی تەواوی یاساکانی زمانەکەوە دێ، توانای داهێنانیش کە بەزۆری لە شاعیردا هەیە، کە لە بەزاندنی یاساکانی زمانەوە دێ. بونی داهێنان بەستراوەتەوە بە ڕەسەنایەتی، واتە تا شاعیر شارەزاییەتی لە یاساکانی زمانەکەدا نەبێ، ناتوانێت لەم یاسا و ڕێسایانەی زمان لابدات و تێکیان بشکێنێ و سەرلەنوێ بەشێوەیەکی تازە بینایان بکاتەوە ((بۆیە دەبینین لە شیعردا یاسا زمانییەکان جیاوازن لەگەڵ یاساکانی ئاخاوتنی ئاسایی و شاعیر پابەندی ئەو دەستور و یاسایانە نابێت و هەندێ لەو یاسایانە تێکدەشکێنێ و یاساکانی ملکەچی شاعیر دەبن چۆنی بوێ بەو شێوەیە دایدەڕێژێ)). (محەمەد،214: 193) یاسا بەزاندن و لادان لە هەمو ئاستەکانی زماندا دەبینرێت لەوانە: ئاستی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی و واتا)

### لادان لە ئاستی ڕستەسازی:

ئاستی ڕستەسازی لقێکی گرنگی ڕێزمانە و یەکە سەرەکییەکانی ئەم ئاستەش وشە فرێز و ڕستەن. ئەم یەکانەش لەهەر زمانێکدا خاوەن پێکهاتەیەکی تایبەتی و ڕۆنانێکی سەربەخۆ و یاسایەکی دیاریکراون. ئەرکی زمانەوانیش لەم ئاستەدا ئەوەیە کە ئەم یاسایانە بدۆزێتەوە، چونکە بەپێی دەستەیێك یاسای تایبەت بەزمانەکەوە وشەکان لێکدەدرێن، بۆ داڕشتنی فرێزەکان و بەهۆی دەستەیێك یاسایتر فرێزەکان لێکدەدرێن بۆ داڕشتنی ڕستە، دەستنیشانکردنی ئەم یاسایانە بەسینتاکس ناودەبرێ. ڕستەسازی بەرپرسە لە ڕێکخستنی کەرەستەکان بەشێوەیەکی ڕێزمانی لە چوارچێوەی ڕستەدا، بۆیە بابەتی

لێکۆڵینەوەی ڕستەسازی، ڕستەیە. ڕستە لە کۆمەڵێك کەرەستەی دیاریکراو پێکدێت کە بەگوێرەی چەند یاسایەك دارێژراون. ئەو کەرەستانەش لەناو ڕستەدا چەند ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینن لەوانە (بکەر، بەرکار، تەواوکار...) هەر زمانێك ڕێگایەکی هەیە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی ئەم کەرەستانە نیشان بدات.

ڕستەسازی زانستێکە لە ڕستە، و فریز و پاڕستە و وشە دەکۆڵێتەوە ڕستەسازی و وشەسازی بەشێکن لە ڕێزمان بەو واتایە بەیەکەوە ڕێزمان پێکدێنن. ئەم زاراوەیەش لە بنەڕەتدا لە زاراوەی (syntaxis )ەوە هاتوە کە زاراوەیەکی یۆنانییە و دواتر گوازراوەتەوە زمانی ئینگلیزی. زاراوەی سینتاکس لە بنەڕەتدا بەواتای دانان، ڕێکخستن دێت واتە سینتاکس لێکۆڵینەوەیە لە یەکگرتنی وشە لە نوسین و ئاخاوتندا (فەرهادی، 2013: 4) و (فەتاح، 1990: 98) ڕستەسازی لقێکە لە لقەکانی زمانناسی کە چوار لق لەخۆدەگرێت:

ڕستەسازی مێژویی: لقێکە لە لقەکانی ڕستەسازی ئەم لقە باسی پەرەسەندنی ڕستە بەدرێژایی مێژو دەکات.

ڕستەسازی بەراورد: لقێکە لە لقەکانی ڕستەسازی ئەم لقە بەراوردی ڕستەی زمانێک لەگەڵ زمانێکیتر دەکات.

ڕستەسازی گشتی: لقێکە لە لقەکانی ڕستەسازی کە بە شێوەی گشتی باسی لایەنەکانی ڕستە دەکات. جەخت لەسەر ڕستەی زمانێکی دیاریکراو ناکات.

ڕستەسازی تایبەتی: لقێکە لە لقەکانی ڕستەسازی ئەمجۆرەیان باسی لایەنەکانی ڕستە لە زمانێکی دیاریکراو دەکات. بەو واتایەی ئەم لقەی ڕستەسازی پەیوەستە بە باسکردنی ڕستەی زمانێکی دیاریکراو.((الخولی، 2000: 97)) و ((خۆشناو، 2014: 16))

زمان (ئاخاوتن) چالاکییەکی سروشتیی هەمو مرۆڤەکانە، بەڵام ئەم چالاکییە لەسەر کۆمەڵێ یاسا و ڕێسا و ڕۆنانی تایبەت بە زمانێک دامەزراوە. لە هەر زمانێکدا ڕیزبونی مۆرفیمەکان/ وشەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا بۆ پێکهێنانی یەکەی گەورەتر بەپێی هەندێ یاسا ڕۆدەنرێ کە ڕستەسازی پێدەڵێن. دیارە بابەتی لێکۆڵینەوەی ڕستەسازی، ڕستەیە. بەهۆی پێویستیمان بە ڕستەسازی و تاوتوێکردنی ڕستە تایبەتمەندی ئاسۆیی و ڕیزبونی کەرەستەکانییەتی بەشێوەیەکی هێڵی و یەکلایەنە لە ڕەوتی، زماندا چونکە هەر زمانێک دەیەوێ پەیوەندی نێوان پێکهێنەرانی ڕستە بەپێی سنوری دەسەڵات و یاساکانی خۆی دیاری بکات بۆیە دەبێ لەو بنەمایانە بدوێین کە ڕستە لە زمانێکی تایبەت لەسەریان دامەزراوە. ئەوەی کە وشەکان چۆن پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ پێکهێنانی فرێز و ڕستەکان.

یەکێک لەو یەکە بنچینەیی و سەرەکییانەی کە ڕێزمان خۆی پێوەخەریک دەکات و گرنگی پێدەدات ڕستەیە، چونکە کاری ڕێزمان کە دەڵێ پێکهێنەرەکانی ڕستە چین و چۆن کار لە یەکتری دەکەن و بە چ شێوەیەک ڕێز دەبن کەواتە ((ڕستە بڵاوترین دانەی زمانی گەورەیە کە زۆربەی زمانەوانان دانیپێدادەنێن و دەیناسنەوە و باوەڕیان وایە کە دەتوانێ چاری ڕۆنان و پۆلە ڕێزمانییەکان بکات)) ( فەتاح،1990: 98)

کاتێ ئێمە لە ڕستە ورد دەبینەوە دەبینین وشە پێکهاتەیەکی ڕاستەوخۆی ڕستە نییە، بەڵکو وشە دواپێکهێنی، ڕستەیە چونکە وشەکان بۆ ڕۆنانی گەورەتر لە ڕستە دا ڕێکدەخرێن ئەویش گرێیە. بەمجۆرە گرێ پێکهێنێکی ناوەندییە دەکەوێتە نێوان وشە و ڕستەوە. لەڕوی ڕۆنانەوە گرێ لە وشە گەورەترە و لەڕستەش بچوکترە واتە گرێ لە وشە پێکدێت و ڕستەش لە گرێ. (فەرهادی، 2013: 4)

جۆری ڕیزبونی کەرەستەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر دەگۆڕێت. ڕستەی هەمو زمانێك ئەم سێ بەشە سەرەکییەی هەیە: (بکەر، بەرکار، کار) هەر زمانیك بەپێی دەستور و یاساکانی سینتاکس ئەو زمانە هەر سێ بەشە سەرەکییەکەی ڕستەیەك

لەدوای یەك ڕیزدەكات لە زمانی فارسی بەهەمان شێوەی زمانی كوردیە، كە بە بکەر دەستپێدەكات و بەرکاریش کۆتایی دێت. بەڵام ئەم ڕیزبونی ئاساییە لای شاعیر دەبەزێنرێ كە بەلادانی ڕێزمانی ناودەبرێت. بەزاندنی یاساكانی ڕێزمان ئاستی دەرەوەی زمان دەگرێتەوە. لادانیش لە ئاستی دەرەوەدا پەیوەندی بە ڕوخسارەوە هەیە و كار لە ناوەڕۆكی شیعرەكە ناكات.

## پەیوەندی لادان بە شیعریەتەوە:

لادان و شیعریەت وەكو چەمك لێك نزیك و لە حەقیقەتیش جیاوازن. زۆرجار سنوری ئەم دوانە ئەوەندە نزیك دەكرێنەوە لە یەكتری، بەشێوەیەك لەجیاتی یەك و بەیەك واتا بەكاردەبرێت. "ئەدەبناس و ڕەخنەگرەكان لە توێژینەوەكانیاندا هەوڵیانداوە پێوەرێك بۆ لادانەكان دابنێن، بەڵام دیسان لێرەوە گرفتێكی تر سەرهەڵدەداتەوە. ئەویش ئەوەیە، كە هەر یەكە و پێوەرێكیان داناوە. دانانی پێوەری جۆراوجۆریش بۆ ئەو تێڕوانینە لێك جیاوازانە دەگەڕێتەوە، كە هەر یەكێكیان سەبارەت بە لادان و شیعریەت هەیانە، چونكە پێوەرەكان لەو تیۆر و پێناسانە وەرگیراون، كە لەبارەی لادانەوە هەن". كەواتە دەگەینە ئەوەی لادان پێوەری خۆی هەیە،لە هەمان كاتیش شیعرییەت بنەما و خاسیەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە هەردوكیان كار لەسەر زمان دەكەن. بۆیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی كە لادان و شیعرییەت سنوری كرداریان لە یەك نزیكە و شیعرییەت جۆرێكە لە لادان. لادانیش خۆی بریتییە لە ڕێچكەشكێنی" كاتێك یاسا و دەستورە باوەكان شكێنران، خوێنەر بە ئاسانی لە واتا و مەبەستەكانی شاعیر تێناگات، بۆیە دەبێت بەدوای واتای خواستراو و شتە گۆڕاوەكاندا بگەڕێت. لێرەدا زیرەكی و لێهاتوی شاعیر دەردەكەوێت، چونكە مەرج نییە هەمو لادانێك جوانیی و شیعرییەت بە بەرهەمەكە ببەخشێت.

شاعیر دەبێت سنوری هەمو لادانێك و جۆرەكان بە هۆشیارییەكی قوڵەوە بزانێت، بۆ ئەوەی بەرەو ناماقوڵیەت نەڕوات و بزانێت چۆن ئەزمونەكەی بەرەو داهێنان و ئەفراندن ببات". (محەمەد، 35:2013). هێڵێكی زۆر باریک هەڵەی زمانی لە داهێنان جیادەكاتەوە. هەردوكیان بریتین لە لادان لە یاسا و بەزاندنیان، یەكێكیان بەدەست شاعیرەكە خۆیەتی و لەژێر دەسەڵاتیدایە و بۆ مەبەستێک هێناویەتی (داهێنان) ئەویتریان لەڕوی نەزانین و گوێنەدان و هەڵەشییەوە پەیدادەبێ. داهێنان دیاردەیەكی ئیجابی پڕمەبەستە، بەڵام هەڵە دیاردەیەكی سلبی كە لەسەر شاعیرەكە دەكەوێ و جیاكردنەوەیان پەیوەندی بە جۆری بەكارهێنان و كەڵک لێوەرگرتنە. (كانەبی، 2009: 29)

چەمكی لادان چەمكێكی فرەڕەهەندە بەو مانایەی لە سنور و بوارەكانیتری ژیانی وەک دەرونناسی ئایین، كۆمەڵناسی و.... ئامادەیی هەبوە و لەهەر یەكێک لەو بوارانەدا بە واتا و مەبەستی تایبەت دیاریكراو بەكارهێنراوە. چەمكی لادان لە بواری ئەدەبدا هەڵگری سیما و تایبەتمەندییە لەو بوارەدا و جیایە لە بوارەكانیتر؛ چونكە لادان لێرەدا پەیوەندی بە زمان و پێكهاتەكانی دەقی ئەدەبییەوە هەیە. نوسەر چەمكی لادان لە چوارچێوەی دەقێكی ئەدەبیدا بەرجەستە دەكات و خوێنەریش هەر لەسەر ئەو دەقە بڕیار لەسەر جۆر و چۆنییەتی لادانەكانی ئەو نوسەرە دەدات.

بەرەچاوكردنی سەرجەم پۆلینبەندییەكان و لەسەر بنەمای زمان، بونیاتی دەق، قۆناغ و سەردەم، پلە و كاریگەری، داهێنەر و بەكارهێنان چەند جۆرێكی لادان دەخەینەڕو كە بریتین لە:

- لادان لەسەر بنەمای ئاستەكانی زمان.
- لادان لەسەر بنەمای بونیاتی دەق
- لادان لەسەر بنەمای داهێنان و بەكارهێنان

- لادان لەسەر بنەمای ئێستێتیکا

لادان لەسەر بنەمای ئاستەکانی زمان کە لێرەدا مەبەستە وەک دەزانین هەمو جۆرەکانی لادان لە ڕێگەی زمانەوە دروست دەبن، چونکە کەرەستەی سەرەکی نوسینی دەقە و وەک هەویرێک لەبەر دەست نوسەر و شاعیران دایە و بەپێی ئارەزوی خۆیان ئەو ژانرەی لێپێکدێنن کە مەبەستیانە لە هەر شوێنێک بیانەوێت لێیدەقرتێنن و لەهەر شوێنێک بیانەوێت زیادەی دەخەنە سەر بێ ئەوەی یاسا و دەستورەکان پەیڕەوبکەن. لادانی زمانی لە زمانی زانستی، زمانی پێوەر و زمانی ئاخاوتن لادەدات و بەپێی ئاستەکانی زمان لادان دەبێتە سێ جۆری سەرەکی:

**1-لادانی دەنگی:** هەمو ئەو لایەنە زمانییانە دەگرێتەوە کە لە یاسا دەنگییەکان لادەدەن وەک ئەو لادانانەی مۆسیقا و ڕیتم دروست دەکەن لەوانەش: کێش، سەروا، کرتاندن و گۆڕین.

**2-لادانی ڕێزمانی:** هەمو ئەو لادانانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنچینەی لادان لە یاسا ڕێزمانییەکان ئەنجام دەدرێن، ئەمەش لەسەر هەردو ئاستی وشەیی و ڕستە دەکرێتە دو بەشەوە:

ا)لادانی وشەیی: ئەو لادانە دەگرێتەوە کە لەسەر ئاستی وشە بەدی دەکرێت وەک داهێنانی وشە، لادان لە یاساکانی وشە، کۆنگەرایی...

ب)لادانی ڕستەیی: ئەو لادانانە دەگرێتەوە کە لەسەر ئاستی ڕستە ئەنجام دەدرێن وەک: کرتاندن، پاش و پێشکردن، کورتبڕی و درێژبڕی.

3-**لادانی واتایی:** ئەو لادانانە لەخۆدەگرێت لەسەر بنچینەی پچڕانی پەیوەندی نێوان دال و مەدلول و چەندێتی دەربڕین دروست دەبن وەک دانەپاڵ، زیادەڕۆیی، پارادۆکس(ئەحمەد،٢٠١٣: ٤٥) جگە لەمانە هەندێجار لادان بەسەر جۆریتر و پۆلینبەندیتر دابەش دەکرێت وەک:

1-لادانی لێکسیکی

2-لادانی فۆنۆلۆژی

3-لادانی کاتی

4-لادانی شێوازی

5-لادانی واتایی

6-لادانی ڕستەسازی

7-لادانی زاری

8-لادانی نوسینی.

هەندێ لادانیتریش هەن لەوانە: لادانی گوتاری و لادانی ناوەوەیی(داد،1385: 540) ئەوەی لێرە مەبەستە زۆرتر لادانی ڕستەسازییە کە شاعیر هەوڵ دەدات لەڕێگەی گۆڕینی ڕیزبەندی کەرەستەکانی زمانی خۆکار لە زمانی خۆکار لابدات و بەمەش لادانی ڕستەسازی ڕودەدات. شاعیر دەتوانێت لە شیعری خۆیدا بە جێگۆڕکێی توخمە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە یاسا ڕستەسازییەکانی زمانی خۆی لابدات و زمانی خۆی جیا بکاتەوە.

## تەوەری دوەم:

بە گشتی لەبەرئەوەی شاعیر ئەم مەسنەوییەی بۆ هاوەڵانی نوسیوە زمانی نوسینەکەی زمانێکی تاڕادەیەك سادە و ساکارە و پێی هەمان ڕۆنانی باوی ڕستە لە زمانی فارسیدا هۆنیوەتەوە کە بریتییە لە ڕیزبونی کەرتەکانی ڕستە بە شێوەی بکەر، بەرکار و کار. لەڕوی هاونشینی و جێنشینییەوە کەمتر جێگۆڕکێ لە جیاتی دانانی بە کەرستەکانی ڕستە کردوە و بەگشتی ڕستەکان لە جۆری ڕستەی سادەن کە تیایدا کار دەکەوێتە کۆتایی ڕستە. هەروەك ئاشکرایە کە لادان لە یاساکانی زمان پەیوەندی بە لایەنێکی هەڵبژاردنە. ئەم بەزاندن و لادانەش لەم ئاستەدا لای شێخی نەهری و لە مەسنەوی تحفه‌الاحباب دا هەندێجار دەبینرێ. لێرە ئێمە باس لەو لادان و بەزاندنە دەکەین کە شێخ لە مەسنەویەکەی ئەنجامی داوە.

## 1- پاش و پێشخستنی کەرەستە (جێگۆڕکێ)

پاش و پێشخستن یەکێکە لە یاسا بە ئارەزوەکانی گوێزانەوە بەپێی ئەم یاسایە جێگۆڕکێ بە ڕیزبونی کەرەستەکانی ناو فرێز و ڕستەدا دەکرێت. ئەمەش چەند کردەیەك لەخۆدەگرێ لەوانە:

### أ- کردەی پێشخستن یان (بەلوتکەکردن)

بریتییە لە جوڵەپێکردنی کەرەستەیەکی فرێز یان ڕستە لە جێکەوتەی خۆیەوە بۆ سەرەتای فرێز یان ڕستە. سەرەتا لە کەرەسەکانی ڕستەوە دەستپێدەکەین:

### یەکەم: پێشخستنی کار

دیاردەی پێشخستنی کار دیاردەیەکە لە زۆربەی شیعرەکاندا بەدیدەکرێت، کە شاعیر بۆ مەبەست یان لەبەر کێش و سەروادا پەنا دەباتە بەر گۆڕینی شوێنی کارەکە لە دواوەی ڕستەکەوە دەیگوازێتەوە بۆ پێشەوەی ڕستەکە ئەم جۆرەیان زۆر دەبینرێت لای شاعیر وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

اند شه شش سال اندر خدمتش    وقت سلطانی و وقت عزتش ( ل36)
کار

ڕیزبونی کەرەستەکان لەم ڕستەدا خۆی لە بنچینەدا بەمشێوەیەیە:

-شه شش سال اندر خدمتش ماند.
کار

-رفت چل سالی ز عمر پرتمیز    دید در رؤیای صادق آن عزیز
کار    کار    (ل192)

لێرەشدا ڕیزبونی کەرەستەکان لە بنچینەدا بەم شێوەیە:

چل سال زعمر پرتمیز رفت    آن عزیز در رؤیای صادق دید
کار    کار

-گوشداری کرد آن فخر انام    تاکه هر سه دفعه گفت آن را امام
کار    (ل237)

ڕیزبونی ئاسایی بەم شێوەیە:

-آن فخر انام گوشداری کرد.

### دوەم: پێشخستنی بەرکار یان (بەلوتکەکردنی بەرکار)

بەرکار لە زمانی فارسیدا بەشێوەیەکی گشتی لە ڕیزبوندا لەدوای بکەر و پێش کار دێت، بەڵام هەندێجار بەرکارەکە بە ڕێگەی بەلوتکەکردن و بەپێی یاسای گوێزانەوە دەخرێتە پێشەوەی ڕستە ئەم دیاردەیەش لە شیعری شێخی نەهریدا زۆرباوە وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

-خطبها کوتاه می خواندی ڕسول هر نماز وی دراز و داد طول

بەرکار کار بکەر (253)

لەم ڕستەیەدا بەرکارەکە هێنراوەتە پێشەوە، چونکە ڕیزبونی ئاسایی ئەم ڕستەیە خۆی لە بنچینەدا بەم شێوەیە:

- رسول خطبها کوتاه را می خواند.

بکەر بەرکار کار

-هدیه را می خورد آن فخر کرام گر برایش تحفه می بردی انام

بەرکار کار بکەر (254)

خۆی لە بنچینەدا ڕیزبونەکە بەم شێوەیە:

-آن فخر کرام هدیەرا می خورد.

بکەر بەرکار بەرکار

-جامها را شستم از آب طهور بهر دفع خطره و بسط و سرور

بەرکار کار بەرکاری ناڕاستەوخۆ (ل21)

ڕیزبونەکە لە بنچینەدا بەم شێوەیە:

-من جامها را از آب طهور شستم.

بەرکار

## سێیەم: پێشخستنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ:

بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە زمانی فارسیدا بە هەمان شێوەی زمانی کوردی کەرەستەیەکی ناسەرەکی ڕستەیە بۆیە شوێنیان چەسپاو نییە لەناو ڕستەدا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زیاتر لە کارەوە نزیکن و دەکەوێتە پێش کارەوە. بەڵام شاعیران بەشێوەی کەرەستەکانی تر لە شیعرەکەیاندا دەیخەنە پێشەوەی ڕستە وەك ئەم نمونانەی خوارەوە کە لە مەسنەوی تحفەالاحباب دا هاتوە:

-از یهودیا خرید آن خیرناس داد حق آن دربدست درشناس

(ل22)

ڕستەکە لە ڕیزبونی ئاسایدا کەرەستەکانی بەمشێوەیەیە:

-آن خیرناس از یهودیا خرید.

-در گلاب گرم عنبر می گذار درهمی تا حل شود ای عطر ساز

(ل256)

ڕستەکە بەم شێوەیە لەبنچینەدا:

-عنبر در گلاب گرم می گذار.

بەرکار بەرکاری ناڕاستەوخۆ کار

-ز ان جماعت گفت يك شخصى به من از سر صدق و صفاى انجمن

بەرکاری ناڕاستەوخۆ (ل42)

خۆی ڕستەکە بەمشێوەیە:

يك شخص ز ان جماعت به من گفت

بکەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ

## ب- کردەی پاشخستن

کردەی پاشخستن یەکێکە لەو کردارانەی یاساکانی گوێزانەوە کە کەرەسەیەکی ڕستە لە جێکەوتەی خۆیەوە دەگوازێتەوە بۆ دواوەی ڕستە. واتە لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی دەرناکەوێت و جێگۆرکێی پێدەکرێت بۆ دواوە لەوانە کەرەستەی (بکەر و بەکاری ڕاستەوخۆ)بەمشێوەی خوارەوە:

### 1. پاشخستنی بکەر

دیاردەی پاشخستنی بکەر دیاردەیەکی بڵاوە لای شاعیر کە بکەر لە شوێنی سەرەکی خۆی دەگوازێتەوە بۆ دواوە، ئەمەش زیاتر بەمەبەستە یان لەبەر کێش و سەروایە. وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

-بەتو هست حاجت همه خلق را تو محتاج كس نيستى از ورا

بکەر (ل1)

خۆی ڕستەکە لە بنچینەدا ڕیزبونەکەی بەم شێوەیە:

-همه خلق به تو را حاجت هست.

-در مدينه آمد آن غربت گزين كرد اسيرش يك جهود از معتدين

بکەر (ل222)

ڕستەکە لە بنچینەدا بەم شێوەیە:

-آن غربت گزين در مدينه آمد.

بکەر

-شير أشاميد بارى آن رسول گفت هركس كه خورد چيزى اكول

بکەر (ل255)

ڕستەکە لە بنچینەدا بەم شێوەیە:

-آن رسول بارى شير أشاميد.

بکەر

### 2 -پاشخستنی بەرکار

زۆرجار شاعیر بەهەمان شێوەی بكەر، بەركاریش دەگوازێتەوە بۆ دواوەی ڕستەكە، واتە لە جێكەوتەی خۆی كە پێش كارە دەیگوازێتەوە بۆ دواوەی كار یان دواوەی ڕستەكە. وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

-بنام تو گویم سؤال و جواب     بنامت نویسم خطاب و کتاب

بەركار     بەركار (ل1)

ڕستە ئاساییەكەی خۆی بەم شێوەی خوارەوەیە:

-بنام تو سؤال و جواب می گویم     بنامت خطاب وكتاب می نویسم

بەركار     بەركار

-پشه چون می کشد نمرود را     چون برآرد مغز ان مردود را

بەركار (ل6)

ڕستەكە خۆی لە بنچینەدا بەمشێوەیە:

-پشه چون نمرود را می کشد.

بەركار

-باد چون برکند قوم عاد را     کرد مستأصل همان بر باد را

بەركار (ل6)

ڕیزبونی ئاساییەكە بەم شێوەیە:

-باد چون قوم عاد را برکند

بەركار

## پاش و پێشخستنی كەرتەكانی فرێز

فرێز لە كەرەستەیەك یان كەرەستەیەك زیاتر پێكدێت.یەكێك لەو كەرەستانە دەبێتە كەرەستەیەكی سەرەكی كە پێی دەگوترێت سەرە (Head )كەرەستەكانی تر بە دیارخەر ناودەبرێت. جۆرەكانی فرێزیش سەرە دیاریان دەكات كە چەند جۆرێكن لەوانە:

- فرێزی ناوی.
- فرێزی ئاوەڵناوی.
- فرێزی بەند.
- فرێزی ئاوەڵكاری.
- فرێزی كاری

شاعیر زۆربەی جار لە جۆرەكانی فرێزدا بەتایبەتی ئەو فرێزانەی لە دیارخەر و سەرە پێكدێن دەستكاری شوێنییان دەكات، واتە پاش و پێش بە كەرتەكانی فرێز (سەرە و دیارخەر) دەكات. وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

### 1- پاش و پێشخستن لە فرێزی ناویدا:

لە فێزی ناوی بەتایبەتی ئەو فرێزە ناویە وەسفیانە کە بەشێوەیەکی گشتی دیارخەر دوای سەرە دەکەوێت شاعیر ئەم یاسایەی شکاندوە دیارخەری پێش خستوە وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

خشك نانی شد کفان روزەای        کهنە دلقی عمررا فیروزەای

(1)ف ن        (2 (ف ن        (ل152)

فرێزی ناویەکە خۆی لە بنچینەدا بەم شێوەیەیە:

(نانی  خشك)  فرێزی ناوی وەسفی.

سەرە  دیارخەر

-(دلق  کهنە) فرێزی ناوی وەسفی.

سەرە  دیارخەر

-کور قلبان خبر از ضریر دل     چە رسد جز اینکە می گردد خجل     (180)

فرێزی ناوییەکە لە بنچینەدا لە سەرە و دیارخەر پێکهاتوە، بەڵام لێرە پاش و پێش بە کەرتەکان کراوە خۆی (قلبان کور)ە.

سەرە  دیارخەر

-شیوە مرضیە آن پاك جو        شیوە پاك همان درویش خو(192)

لێرەش فرێزە ناویەکە لە بنچینەدا بەم شێوەیە:

(آن جو پاك)

سەرە  دیارخەر

-خشك  خرما  خورد با نان جوین     خربزە خرمای تر را هم چنین    (ل255)

فرێزەکە لە بنچینەدا بەم شێوەیە (خرما خشك):

سەرە  دیارخەر

### پاش و پێشخستن لە فریزی کاریدا

زۆرجار شاعیران بەمەبەست لە فرێزی کاریدا بەتایبەتی ئەوانەی لە دو کەرت یان زیاتر پێکهاتون لە یەکتریان جیادەکاتەوە. واتە پاش و پێشیان پێ دەکات وەك ئەم نمونانەی خوارەوە کە لە مەسنەوی تحفەالاحبابدا دەبیندرێت:

-شد روایت از علاءالدین راد        درحق آن حضرت والا نژاد

سەرە  دیارخەر        (ل12)

کارەکە خۆی لە بنچینەدا (روایت شد)ە  جێگۆڕکێ بە کەرتەکان کراوە.

-کرد مولانا سکوت از گفتنم      هم اجازت شد مرا در رفتنم

سەرە      دیارخەر        (ل49)

خۆی ڕستەکە لە بنچینەدا بەم شێوەیە:

-مولانا از گفتنم (سکوت  کرد.)

دیارخەر سەرە

-شد سوار اسب و اشتر هم حمیر     هم ردیف خویش کردی هر فقیر
(ل252)

ڕستەکە خۆی لە بنچینەدا بەم شێوەیە:
-سوار اسب و اشتر هم حمیر شد (سوار شد)
دیارخەر     سەرە

**دوبارەکردنەوە:**

دوبارەکردنەوەی کەرەستە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعر. کە شاعیر بۆ پێداگرتن لەسەر مەبەستێك یان هەڵوێستێك یان شتێك کەرەسەکە دوبارە دەکاتەوە، ئەمەش لە فرێزەکاندا دەبینرێ کە شاعیر دوبارەیان دەکاتەوە وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

به أن کس معراج در عرش شد     به ان کس دمش فرش چون عرش شد (ل5)
که تحریر و فکر و خطورم به توست     حیات و ممات و نشورم به توست     (ل1)

**ئەنجام**

دوابەدوای لێکۆڵینەوە لە شیکردنەوەی تحفەالاحبابی عوبەیدوڵلای نەهری لەڕوی زمانەوانییەوە، لادان لە ئاستی ڕستەسازی دا بەم شێوەیە ئەنجامەکان دەخەینەڕو:

-مەسنەوی تحفە الاحباب لەڕوی زمانییەوە بە زمانێکی سادە نوسراوە و لە ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە شاعیر پەیڕەوی یاساڕێزمانییەکانی زمانی فارسی کردوە کە تیایدا کار بەگشتی دەکەوێتە کۆتایی ڕستە.

-شێوازی شیعری ئەم دیوانە بەپێی قۆناغ سەر بە شێوازی گەڕانەوەی ئەدەبییە کە تیایدا شێخی نەهری بە چاولێکەری لە شاعیرانی پێش خۆی و لەژێر کاریگەری بەرهەماکانییان شیعری هۆنیوەتەوە.

لە ئاستی دەنگناسی و ئاوازی دەرەوە تحفەالاحباب لەسەر کێشی عەروزی ڕەمەڵی موسەدەسی مەحزوف (فاعلاتن، فاعلاتن، فعلن) نوسراوە.

-لە ئاستی ڕستەسازیدا شاعیر هەندێ لادان و ترازانی زمانی لە دێرە شیعرییەکان ئەنجامداوە کە دابەش دەکرێتە سەر: جێگۆرکێ و پاش و پێشخستنی کەرەستەکان.

-لە کردەی پێشخستن و بە لوتکەکردن دا ئەوەی لەم دیوانەدا بەرچاوە پێسخستنی کار، بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە.

-لە کردەی پاشخستندا پەیڕەوی دیاردەی پاشخستنی بکەر، بەرکار و کەرتەکانی فرێزی ناوی و کاری کردوە.

-یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعری تحفەالاحباب  دوبارەکردنەوەیە کە تیایدا شاعیر بۆ پێداگرتن لەسەر مەبەستێک یا هەڵوێستێک بەکاری هێناوە ئە دوبارەکەدنەوەیەش زۆرتر لە فرێزەکان دەبنیدرێت.

## سەرچاوەکان:


ئەحمەد، سافیە محەمەد، 2014، شێوازی شیعرەکوردییەکانی پیرباڵ مەحمود،هەولێر چاپخانەی ڕۆژهەڵات

امین، سالح محمد، 1992، کورد و عەجەم، چاپی دوەم، سلێمانی

الخولی، محمدعلی،2000، مدخل الی علم اللغه، دار الفاح للنشر و التوزیـع

دعاگو، سید اسلام، 1378، مثنوی شیخ عبیدالله نهری تحفه‌الاحباب، انتشارات حسینی، ارومیه

داد، سیما، 1385، فرهنگ اصطلاحات ادبی. چاپ سوم، تهران انتشارات مروارید

خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا،2014، ڕستاسازی، چاپی دوەم، هەولێر خانەی ئاوێر

فەرهادی، ساجدە عەبدوڵڵا، 2013، هەندێ لایەنی ڕستاسازی زمانی کوردی، هەولێر،ئەکایمیای کوردی

فەتاح، محەمەد مەعروف، 1990، زمانەوانی، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین

کانبی، دلێر سادق، 2009، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، چاپی یەکەم. هەولێر دەزگای موکریانی